# چەند هۆكارێك بۆ وردبونەوە لەقورئان:

1- ڕەچاوكردنی ئاداب و ڕەوشتەكانی قورئان خوێندن لەپاك وخاوێنی وكات وشوێنی گونجاوو نیەت پاكی و پەناگرتن بەخواو (بسم الله) كردن و كۆكردنەوەی بیروهۆش ومەشغوڵ نەبوون بەكاری دیكە، وەبوونی خشوع ( ترسی خوا ) و كاریگەری لەسەر دەروون وەهەست كردن بەوەی كەقورئان دەت دوێنێ.

2-خۆیندنەوەیەكی ورد بەتێگەیشتن و ترسەوە كە كاریگەری هەبێت لەسەر دەروون و مەبەستی تەنها ئەوەنەبێت كەسورەتەكە تەواو بكات.

3- وەستان لەسەر ئەو ئایەتانەی كەدەیخوێنێت، وەستانێك كەبیر لەمانای ئایەتەكان بكاتەوەو دووبارە بەسەریاندا بچێتەوە.

4- بەكارهێنانی جیاكاری لەسەیركردنی سیاقی ئایەتەكان، شێوەو پێكهاتەی ئایەتەكان، ماناكانیان، دابەزینی،...

5- گەڕانەوە بۆتێگەیشتن و هەڵس وكەوتی پێشینان لەو ئایەتانەی كەدەیخوێنینەوەو لێكی دەدەینەوە.

6-خوێندنەوەی ڕای هەندێ زانایانی تەفسیر بۆ ئایەتەكە .

7- تێڕوانینێكی گشتگیرو تەواو بۆهەموو قورئان .

8- ئاوڕدانەوە لەئامانجە بنچینەییەكانی قورئان .

9- ڕاستگۆییەكی تەواو بۆ دەقە قورئانییەكان و سەر پێ شۆڕكردنی واقیعی پێچەوانەی قورئان.

لەكۆتایدا دەڵێم كوا گرنگی لێكدانەوەی قورئان لەهۆش وبیرماندا؟

كوا ڕەنگدانەوەی قورئان لە كرداری ڕۆژانەی ژیانماندا؟ وە ئایا ئێمە ڕۆڵەو قوتابیەكانمان پەروەردە ئەكەین لەسەر لێكدانەوەو ووردبونەوە لەقورئانی پیرۆز؟ یان ئەوەی كەگرنگە لای ئێمە تەنها قورئان خوێندنەو بەس، ئەوەشیان ئەگەر هەبێت لە ڕاستیدا لەناو خوێندن

ئاینیەكانیشدا، یان ئەوانەی كە دەرسی ئایینی دەخوێنن، ڕێژەوبوونی تەفسیر لەناو بەرنامەی دەرسەكانیاندا زۆركەمە یاخود هەرنییە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

WWW.BA8.ORG